# هەناسە تاریکەکان

هۆشەنگ شێخ محەمەد
2007/10/12 دهۆك



باخچەیەك بۆی هەیە بە رەنگ و بۆنی لە ناو خۆیدا ختمم بکات
گوڵە هێرۆیەك ئەتوانێت لە قەدی خۆیدا فەنام بکات
تاکە دارێك ئەشێت لە پەلکێکی خۆیدا بمپێچێتەوە
من وام لە ناو تۆدا وەك شەنگەبی لەبەر شەپۆڵەکانی روحتدا
رۆژانە دەیان جار بەبەردەممدا رائەبوری و بەردەوامیش نامناسیتەوە

ئێوارەیەك بە رەنگە نەرمەکانی خۆی لەناو خۆیدا غەریبم ئەکات و
شەوێك لە ناو رەنگە رووناکەکانی خۆیدا ئەمبات

دە تۆش بمبە و لە ناو رەنگی چاوەکانتدا بمناسێنەوە بە سەفەر
لە دەنگی شعرێکەوە بمکەوە بە هاواری گەردونێك لەبەر دەستی قەدەر
بمخۆوە ئەی بای رەنگەکان.. لە منەوە با رووبارەکان هەڵبێنەوە
لە منەوە با هەتاوی گومانێکی رەها داگیرت کات

لە منەوە با با و بۆنی خۆم بەسەر تریفە و شەرمی گوڵەکاندا برژێ
بە سەفەر و گەڕانە بێکۆتاییەکان عەشق و چیرۆکەکانت بشکێنە

با بشکێن بتەکانی روحی من و ئینجانەکانی یەقینەکانت

وەرە دەستت بگرم بۆ تاریکی
وەرە روحت بخە لە یمەوە و با بتبەم بۆ ژوورە تاریکەکانی گوڵەکان
هەر لەو باخچە رووناکانەدا تەماشای رووناکی مەکە

لەو ماڵانەی بێدەنگیدا تەماشای سەفەر مەکە

وەرە سەفەر ستاندنەوەی تەمەنە لەقەدەر
سەفەر کڕینەوەی روحە لە خودا

رۆیشتن بەسەر بەردەکاندا پێت ئەڵێ بەیارەکان بۆ حەز لە رەنگی خاك ئەکەن
رۆیشتن بە بەیارەکان پێت ئەڵێ گەلاَکان چەند حەز لە رەنگی ئاسمان ئەکەن
وەرە با بڕوانینە چیرۆکی دارەکانی کەنار دەریاکان و ئەو تەعریفی جوانی نەناسینی شەپۆڵەکانمان بۆ بکات
دەریا بە گەورەیی خۆی ناتوانێت کەنار بە شەپۆڵەکان بناسێنێت
ئاسمانیش ناتوانێت تەعاروفێك لە نێوان زەوی و هەورەکاندا رێکخات

با ئنجانەیەك من و تۆ لە خۆیدا شین نەکات
لە بالکۆنێکەوە رۆژانە ئاسمانێکی نوێ و دارێکی نوێ بەدی ئەکەم
بۆنی ئەمرۆ وەك هی دوێنێ نیە
من بۆنێك ئەگرم و بۆنێك جێمئەهێڵێ
رەنگێك ئەگرم و رەنگەکانی دی ژوانم بۆ رۆژەکانی دی دا ئەنێن
من هەمیشە لە ژوانی بۆن و رەنگەکاندا بێزار نابم

من هەمیشە لە گومانەکان و پرسیارەکان تەواو نابم

بمبورە ئەی تاریکترین ژنی ئەم دونیایە من لە ئێوارە و چاوەکانی تۆدا ئەگەڕێم و
شتێك بۆ ئەبەد نادۆزمەوە
ئەوە منم بەسەر ئەو ئێوارە رەنگاورەنگانەی تۆ و بەسەر ئاسۆ رەنگینەکانی چاوەکانتدا هەر رۆژەی بە بارانێکەوە ئەبارم
کە لەبارانەکانی پێشووم ناکات
من بە گوڵدانێك لە نهێنییەوە بە شەقامەکانی شعرەکانتەوە وەرئەبم و ئنجانەکانم ئەشکێنم
من کارم شکاندنی ئنجانە و وێرانکردنی تاریکییەکانە بۆ تاریکییەکی دی

روناکی چاوەکانم بە تاریکی بگۆڕەوە
من لە تاریکییەوە خۆشم ئەوێت و لەتاریکییەوە عەشق ئەنووسمەوە
من خۆم حەرفەکان بزر ئەکەم و وشەکانیش لە خۆم ئەتۆرێنم

من وام روحی سەرگەردان و بێ رووناکی هەمیشە دۆستی سرووتەکانی نوتەکیم

با ژیان بگۆڕینەوە بە قومێ تریفەی بێ رەنگ
ئەی گوڵی تاریکی با روناکی بگۆڕینەوە بە مردن

وەرە گیان لەم ژمارانەوە شۆڕببینەوە ناو ماتماتیکی روحێك كە نازانێت لەسەر كانی ئەنجامێك ئاو بخواتەوە
وەرە با گوێ لەو گۆرانی یە بگرین کە هەمان گۆرانی یەکەمجار و دووەمجار نیە لە گوێگرتندا
وەرە ئەو کتێبە بخوێنینەوە کە ناگاتەوە هەمان وشەکانی خۆی
وەرە پیاسەیەك پێکەوە بکەین کە نامانباتەوە هەمان باخچە و هەمان خودمان

من دێمەوە و هەمان عەشق و هەمان ئیمانم پێ نیە
دێمەوە و هەمان تریفە و هەمان هۆشەنگم لە روحدا نیە
دێمەوە و تەماشام هەمان تەماشا نیە بۆ ئێوارە و گوڵ و بەیارەکان
بۆ روناکی و باران و ئاسمان و دەریا و شەپۆڵ و کەنارەکان
دێمەوە و هەمان سەفەر و گەڕان و فڕین و نیشتنەوەم پێ نیە